# ((میوانی بەر دەرگات))

محمد علی عوزێری

ئەمشەو بێ روخسەت. . . هاتووم
تۆپ و کلیلی دەرگای بێ منیت بشکێنم
ئەم شەو هاتووم
کەمی لەسەر کۆسپی بەر دەرگات دانیشم
هەندێ لە یادە نەوێراکەمان بۆ. . . بدرکێنم
تەمەنی پەپولەکانمت بدەمێ
ئەم شەو لەبەر دەرگای ماڵتان. . . زۆر وەستام
سەرم هەلبری. . . شەوقی مانگەشەو لە ژوورەکەتی دەدا
بۆنی شەوبۆو ریحانی. . . چاندی دەستەکانت
دەم دەم لە کزی و بێ هۆشی دەدام
زۆرم بانگ کردی. . . ئەوانەی دەیانناسیت
لەگەڵ منا گەلێ کیان. . . ناو. . . بانگ کردی
کەچی تۆ لەبەر ئاوێنە لەگەڵ ئاوێنە بۆ ئاوێنە
باسی پەلکە زێرینەیلیوانت دەکرد
منیش لە پشت دوو دیوارەوە
هاوارم بۆ نیگای بێ تۆیم دەکرد
هاوارم لە شەقەمەکانی. . . شارەکەم. . . دەنگی دەدایەوە
تۆش شوێن ماچی لێوانمت دەسریەوە
فرمێسکەکانت. . . دنوگ. . . دنوگ لە دەریای چاوانت
دەخستە ژێر زەوی یادەکان
تا روئیام لێ بوو
ئەمشەو هاتووم. . . مێوانیت قبول کەم
کە. . . بە خەندەکانت پێت دەوتم
ئازیز رۆژێ لێم ببە بە میوان
لێم ببە بە کریستاڵی تاریکە شەو
لێم ببە بە شینایی هەوری ئاسمان
لێم ببە بە چیاو شاخ و دۆڵی ژوان
لێم ببە بە بۆنی شەونمی. . . گوڵی خونچە
تۆ ببە بە میوانی ئازیز
تا سەر لە ئێوارە نامەکانت دیارییەکانت
بۆ. . . لەسەر سینەم. . . رابخەم
تا ئەو سترانە. . . بێ دەنگانە
کە لیوانمان لە دووریەوە. . . بۆ یەکتری دەچرپێنێ
بە پەیڤی باڵندە رەنگاڵەکان
بە سۆزی شنەبای. . . چیاکان
بە گوێچکەکانت. . . بچرپێنم

ئەمشەو لەبەر دەرگات زۆر. . . وەستام

کەچی نە دەرگایەکەت کرایەوە

نە زیکەی پەنجەرەکان بەر گوێم کەوت

تەنانەت پەردەکانیش هەڵنەدرایەوە

ئەم شەو لەبەر دەرگات زۆر وەستام

تا . هاوڕێکی. . . وەك من چاوەڕوان

لەبەر دەرگات. . . ناسی

جار جارش دلی بەبێ دەنگی خۆی بێ حۆش دەکردم

بەرەقی بەردینی خۆی. . . شاهیدی بۆ دەدای. . . دەیوت

زۆر جار لە چاوەڕوانی تۆدا

منی کۆسپی بەردەرگا. . . لەگەڵ ئازیزەکەت

چرکەکانی بێ تۆیی مان. . . چرکە چرکە هەڵدەوەراند

ئەم شەو لەبەر دەرگات زۆر وەستام

تا ڕەنگم بوو بە ڕەنگی شەقامەکە

دەنگم بوو بەبێ دەنگی شارەکە

خەوم بەزی یەناو. . . دەهێلێ کلۆ بەفرەکان

هەناسەکانم بوو بە گەردەلولەی

هەنیسکی دێ یەکی بێ بەهار

تەنها بۆنێك خۆی خستە ئامێزم

ئەویش بۆنی سووتانی مۆمی دوریت بوو

خەونەکانم. . . بونە دەریایەك لە سەرابی تۆ

ئەم شەو سەر لە ئێوارە بوم بە میوانت

کە گەرامەوەش. . . کێوی تەنیایی لەنێو لەپەکانم

خستە سەر لێواری دیواری پشت ژوورەکەت

لە تەنیشت هێلانەی کوکوختیەی

کە شەوان وەك من تاریکی لوول دەدا

گیانە. . .

جار جار سەیری ئەم تەنیایی یە بکە

سەیر من و هێلانەکە بکە

کە هەردووکیان منم. . . منیش ئەوم

uzere1971@yahoo.com
٢٠٠٣/١/١٢

تێبینی کوردستان نێت:
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیمان بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە بەڵام بەهۆە بڕوابوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگایە ......... ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.. ١٥-١-٢٠٠٣......